

**_ بابوون ! _ شیعری : _شێروان بێ دڵ _**

**وەك ئاسمانێكی پڕ ئاگرم**
**نەیزەك و ڕووناكی یەكانی**
**خۆر دەسووتێنم**
**سەر قاڵەی نەگبەتی دەبم**
**زەمەن دەڕواو**
**دونیاش وەكو**
**شەمەندەفەرێكی خێرایە**
**ئاواتە زیندوەكانمان**
**پێ شێل دەكات**
**داوای مۆڵەت**
**لە خەڵكی بێ مۆڵەت دەكەین**
**كە چارەش نا دۆزینەوە**
**ڕێگا بۆ دزان چۆڵ دەكەین**
**دەڵێن شتێك پەیدابووە**
**كەس نازانێت**
**ئەم ئەژدیهایە گەورەیە**

Kurdistanet كوردستان نێت

**لەکام ئاسمان**

**لە کام زەوی**

**هاتە خوارێ وەکو دیاری**

**بۆ خەڵکی برسی کوردوستان**

**ئەم سیمرخەی**

**بۆ ئێمەیان دروست کردوە**

( **بابوونێکە** ) *

**بۆ پچڕانی ڕیزەکانمان**

**دروست بوە**

**ئەو بابوونە**

**ددانەکانی درێژن**

**وەك ددانی**

(**دڕاکولە**)***یەك دوروست بوە**

**شەپۆڵە پڕ**

**ژەهرەکانی**

**کەشتی یەکی داخراوەو**

**بەناو دەریایی**

**خوێنی ئێمە دادەگەڕێت**

**تەنها بەوەش**

**واز ناهێنیت**

**ملولەو پێستی دڵیشمان**

**دەکرتێنێت**

**جا کەوەیە**

**وەرن هەموو یەك بگرین**

**بۆ نەمانی**

ئەو بابوونە
بۆ نەمانی ئەو تاعوونە
بۆ نەمانی
گەندەڵی و دزی
لەناو خوێنی ئەو مەیموونە

بابوون : لە خەیاڵی شاعیرجۆرە ئاژەڵێکی کوشندەیە لە شێوەدا وەکو مەیمونە !!
لە زمانی ئینگلیزیش پێ یان دەڵێن ( بابوون )
دڕاکولە : جۆرێکە لە(ڤامپایەر) کە خوێنی خەڵك دەخوات !